## بۆکان له You Tube دا

سەرچاوەی زانیاری لەمەڕ بۆکان تەنیا ئەو بابەتە نەریتیانە نین کە ئێمە پێیان ڕاهاتووین و خوومان پێ گرتوون. ئەمڕۆ زانست و تەکنیک کارێکی وایان کردوە جیهان بەراستی بۆتە گوندێکی بچووک. تەکنیکی پێشکەوتووی پەیوەندیگرتن بەتایبەت بۆ گەلی کورد کە لە خاکەکەی خۆیدا مافی دەست ڕاگەیشتن سەرچاوەی زانیاری لەمەڕ خۆی و هونەر و ئەدەب و مێژووەکەی نییە، وکەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوە نوێ جیهانییانە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

با بە پێچەوانەی خواستی داگیرکەرانی خاکەکەمان لەو ڕێگا نوێیانەوە پەیوەندی بە جیهانەوە بگرین، خۆمان و هونەرمان بناسێنین و لە هونەری گەلانی دیکەش کەڵک وەربگرین.

یەک لە ماڵپەڕە گرینگە جیهانییەکان، ماڵپەڕی"You Tube" ە کە بە هەزاران سی دی مۆسیقا و وتار و هەواڵ و ریپۆرتاژ و فیلم و بابەتی دیکەی بە زمانی ئەسڵییان تێدا بڵاو دەکرێتەوە و دەروازەیەکە بەرەو هونەر و بە گشتی زانیاریی گەل و نەتەوەکانی جیهان.

گەرچی کورد دەتوانێ لەم ماڵپەڕەدا خوێ بە گەلانی دیکە بناسێنێت و تا ڕادەیەکی زۆریش ئەم کارە کراوە، بەڵام بەداخەوە هەندێک دۆستی نەزان سوودی نابەجێیان لەم ئازادییە وەرگرتوە و بابەتی سووک و بێ ناوەڕۆک بەناوی مۆسیقای کوردیەوە لە ماڵپەڕەکەدا بڵاو دەکەنەوە کە هیوایە درێژەی پێ نەدەن و ناوی کورد بە خراپ نەزڕێنن.

سەبارەت بە بۆکانیش لە ماڵپەڕەکەدا بابەت کەم نییە و بەتایبەت زۆرێک گۆرانی حەسەن زیرەکی تێدایە و شمشاڵی قالەمەڕە و گۆرانی حەسەنی دەزی و ئیبراهیمی فەتاحی و هونەرمەندانی دیکەی بۆکانی و هەروەها ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات / بۆکان حەول دەدا لە داهاتوودا زۆربەی پانۆراماکانی ماڵپەڕەکە ی بخاتە سەر ئەو سایتە، بۆ نموونی ئەو پانۆرامایانەی تا ئێستا خراونەە سەر سایتی You Tube بریتین لە "هاتن"، "قالەمەڕە"، "نەورۆزی ئازادی"، "شەهید سولێمانی محەمەدی"، "بەردەزەرد"، "کەرکووک"، و زۆر بابەتی تریش.

بۆ دەست ڕاگەیشن بەم ماڵپەڕە ئینترنێتییە پێویستە بچیە ئادرەسی youtube.com و ئینجا بەشوێن ئەو بابەتەدا بگرێی کە پێویستیت پێیەتی، بۆ نموونە بنووسی hasan zirak و یا بۆ دیتنەوەی پانۆراماکان بۆ نموونە بنووسی newrwzi azadi و یا qale mere و... و هەروەها بەو شێوەیە دەتوانی سەبارەت بەو وشانەی دەیاننووسی، بابەت و فیلم و مۆسیقا و... بدۆزیەوە. www.youtube.com